پرۆژەی ٢٥کتێبی تەکنەلۆژیای زانیاری ، هەشت

# کۆڕێڵ دڕۆو X۳

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
www.it.kurdblogger.com

**بێدەنگی لە چەنابازەوە فێربووم و ...هەوڵدان لەتەمەڵەوە و ...هێمنی لە لووت بەرزەوە ، زۆر سەیرە من ڕێزی ئەم مامۆستایانەم ناگرم...!!**

**جۆزێف جۆبێر**

## پێشکەشەبە

***هەموو ئەوانەی بوونەتە بەشێك لە بیرەوەری و، یادگارییەکانم.**

***باوکم و ...دایکم و ...هەردوو براکەم.**

***هەموو ئەوانەی دەیانەوێت لە پێشکەوتنەکانی دوونیای زانست جێنەمێنن.**

***هەموو ئەوانەی هانم دەدەن بەردەوام بم لە نووسین و، لە خوێندن.**

***هەموو ئەوانەی ئەوینم بۆیان هەبووەو، بوونەتە بەشێك لە بیرەوەرییەکانی ڕابوردووم.**

**-کتێبی : کۆڕێل دڕۆو X۳**

**-نووسینی : هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

**-بابەتی بەرهەم : زانستی – زانیاری تەکنەلۆژی**

**- پیتچنین :**

**-نەخشەسازی ناوەوە : نووسەر**

**- نەخشەسازی بەرگ : هەرێم**

**ساڵی چاپ : ٢٠٠٦-٢٠٠٧**

**تیراژ:٤٠٠٠ دانە**

**قەبارە : ٣٠٠ل.A٤**

**ژمارەی سپاردنی ( ١٠٨٥ ) وەزارەتی ڕۆشەنبیری بۆ ساڵی ٢٠٠٦ پێدراوە**

**مرۆڤ هەتا ئەوکاتەی سۆراخی زانست دەکات زانایە ، کە گوومانی برد زانایە ، ئەوە جاهیلە...!!**

کۆرێل
درۆوX۳

**پێشەکی:**

**کۆرێڵ درۆو یەکێکە لە باشترین بەرنامەکانی وێنەو ، وێنە سازی و، نەخشەسازی و، دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو بەرنامانەی ، کە لە ململانێ و ، کێ بەرکێدایە لەگەڵ بەرنامەی فۆتۆشۆپدا ، کە پێشترو، لەکتێبێکی سەربەخۆدا باسمانکردووە و، بە پێویستمان زانی لەم کتێبەشدا باسی کۆرێڵ درۆو بکەین.**

**تۆی بەکاربەری بەرنامەکانی کۆمپیوتەر ، کاتێك دەست بە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی نوێ دەکەیت پێویستە بزانیت بیرۆکەی گشتی ئەو بەرنامەیە چییە ؟ و ، بۆچی بەکاردەبرێت ؟ کە لێرەدا نەخشە سازی و، پێویستییەکانێتی ، نەخشەسازی بە ئامێری کۆمپیوتەر ، بەبەکارهێنانی بەرنامەو، ئەندامەکانی دیکەی کۆمپیوتەرەوە بۆ دروستکردنی ( وێنە ، بەرگ، رێبەر و پۆستەر ) یان (وێنەی جوڵاو ، ماڵپەری ئینتەرنێتی ) .**

**هەربۆیە پێویستە شارەزای بەکارهێنانی ئامرازەکانی نەخشە سازیت هەبێت ، کەلەم کتێبەدا روونکراوەتەوە، ئەمە جگە لە لایەنی زەوق و، حەزوو ئارەزوو لە بواری نەخشەسازیدا ، کە هۆکاری سەرکەوتنە لەو بووارەدا.**

**وەك ئاماژەمان پێیدا بەرنامەی برواپێکراوی کۆرێڵ درۆو لە بەهێزترین و، ناسراوترین بەرنامەکانی نەخشەسازییە و، بۆیەکەم جار لەساڵی ۱۹۸۵دا بەرهەمهات و، بە ژمارەیەك قۆناغی گەشە سەندندا تێپەڕی و، هەتا دەگات بە دووا نەوەی بەرنامەکە، کە کۆرێڵ درۆوX۳یە.**

**لەکۆتاییدا بەڵێن بە خوێنەران دەدەم ، کە سەرجەمی بەرهەمەکانم کە ۳۵کتێبە لە ژێرناوی پرۆژەی ۳۵کتێبی زانیاری تەکنیکی لە چاپدەدەم، ئەمە جگە لەو کتێبانەی دیکەم کە لە بوواری تەکنەلۆژیادا نییە، و ئەگەر گوونجاو کات هەبوو لەبەرهەمێکی دیکەدا باس لەچەند بەرنامەیەکی وێنە سازی و، نەخشەسازی دەکەم،بۆیە چاوەڕوانبن.**

**هاوکات بەڵێن دەدەم ئەگەر تەندروستیم باشبێت ( پشت بە خودای گەورە ) لە دووای ئەو پرۆژەیەش کە ۳۵ کتێبە بە پرۆژەی دیکەوە دێمەوە بواری نووسین و،خزمەتکردنی گەنجی کورد و،لاوانی عاشقی زانست و، زانیاری و،بەرهەمی باشتر و، بە پێزتر دەخەمەڕوو .چونکە بەتایبەتی لەلایەنی تەکنەلۆژیای زانیاریدا زۆر لاوازین و، لەلایەنی زانستی دیکەشدا بەهەمان شێوە هەمان گرفتمان هەیە و، هیواخوازم هەوڵبدەین ئەو گرفتەمان نەمێنێ و، لانی کەم ئاستی زانستیمان بگەیەنیننە ئاستی زانستی وڵاتان و،زانستگە ئەرەبییەکانی دەورو بەر بەتایبەت وڵاتانی وەکو میسر و قەتەر و....،یان ئێرانی دراوسێ .چونکە هەتاوەکو لەلایەنی زانستی نەچینە پێش لەلایەنی دیکەشدا ناچینە پێش و ،لە جێگەی خۆمان دەمێنینەوە .**


hemnymela@yahoo.com
dr.hemn@yahoo.com
www.hemnbarznji.blogfa.com

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**


**۲۰۰۷-۲۰۰۶**

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

١-ڕێبەری سایتە کوردییەکان .

٢-فۆتۆشۆپ سي ئێس هەشت .

٣-فێربوونی بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت — بۆ منالآن .

٤-فێربوونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر .

٥-ویندۆز ئێکس پی — بۆ ئاستی سەرەتای .

٦-فۆتۆشۆپ سي ئێس هەشت و نۆ .

٧-ئینسایکلۆ پیدیای ئینتەرنێت .

٨-کۆرێلْ دروۆ ئێس ٣

# ئەو بەرهەمان لە چاپکردن دان

١- ڕێبەری ماڵپەرە جیهانییەکان

٢-ڕێبەری سەتەلایت

# ئەو بەرهەمانەی ئامادەی چاپن

١-ناساندنی کۆمپیوتەر Introduction to computer

٢-ویندۆز ئێکس پی —بۆ ئاستی پێشکەوتووان . ٣-ووۆرد — بۆ ئاستی سەرەتاو ناوەند . ٤-ۆرد ، بۆئاستی پێشکەوتووان . ٥-ئێکسلْ — بۆ سەرەتاو ناوەند. ٦-ئیسلْ ، بۆپێشکەوتووان .

٧-ئەکسێس ،بۆ سەرەتاو ناوەند . ٨-ئەکسێس ، بۆ پێشکەوتووان . ٩-پاوەرپۆینت-فرۆنت پەیج-پەبلیشەر — ئینفۆ پاس —ڤیژۆ فامیلی بۆ ئاستی سەرەتای و ناوەند ، بۆئاستی پێشکەوتووان .

١٠- ڤیژوەلْ بەیسك .

ئەم بەرهەمانەی دیکەش لە ساڵی ئایندەدا چاپدەکرێن

١-دکتۆرای ئەوین . دیوانە شێعر ٢-فەرهەنگی کۆمپیوتەر وتەکنەلۆژیای زانیاری . ٣-فەرهەنگی پزیشکی . ٤-کۆمەڵە وتار

# تاییه تمه‌ندییه‌كانی كۆمپیوته‌ر بۆ دابه‌زاندنی به‌رنامه‌ی كۆرالٚ درۆ

١-ویندۆز ئێكپی – ویندۆز ٢٠٠٠ – ویندۆز سێرڤه‌ر .

٢- پێنتیۆم سیٚ- ٦٠٠MHZیان زیاتر .

٣-٢٥٦میگابایت رام.

٤-ماوس.

٥-١٠٢٤*٧٦٨ سكرین ریسۆلیوشن.( دیقه‌ی شاشه‌كه. )

٦-سیدی – رووم .

٧-بۆشای ٢٠٠ میگابایت له هاری كۆمپیوته‌ره‌كه‌دا .

٨-مایكرۆسۆفت ئینته‌رنێت ئێكسپلۆره‌ر.

٩-هه‌ندێك تاییه تمه‌ندی دیكه وه‌كو : ( نه‌بوونی تێمپ و ، پریفێت و، ریسێنت ،و ........ )

١٠- هه‌ندێك تاییه تمه‌ندی دیكه كه ده‌توانیت سه‌ردانی فایلی ( Read me ) ناو سیدییه‌كه بكه‌و زانیارییه‌كانی به‌ته‌واوی بخوێنه‌ره‌وه ، كه فایلێكی ئاماده‌ی كۆمپانیای كۆڕاڵه و ، زانیاری پێویستی له خۆگرتووه .



# دابەزاندنی کۆریل درۆو x۳


**١-سیدی بەرنامەکە بکەرەناو کۆمپیوتەرەکە :**




**٢-کەمێك چاوەڕنبە تا ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:**




٣-پاش کەمێك چاوەڕوانی تر بێئەوەی دەستکاری هیچ بکەیت ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:





٤-کلیك لەسەر (Install program) بکە،و چاوەڕێبە تائەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:




٥-کلیك لەسەر (Install CorelDraw® graphics suite x۳) بکە و، پاش کەمێك ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:




٥-کلیك لەسەر Okبکە و،بەمەش ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەردەکەوێت:




٦- پاشان ئەم دایەلۆگ بۆکسەی خوارەوە دەردەکەوێت کە تێیدا نووسراوە( preparing to install… ) و،کەمێك چاوەڕوان بەو هیچ مەکە :





سەرنج:ئەگەر نەگونجێت لەگەڵ کۆمپیوتەرەکەتدا،یان گرفتێك هەبێت ئەوا : دایەلۆگ بۆکسێکت نیشان دەدات و، پێت دەڵێت کەبەرنامە دانابەزێت و، پێویستەکلیك لەسەر Finishبکەیت و دووبارەهەوڵبدەیتەوە،ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت تێمپ یان .... تیابوو بیسڕەوە و، پاشان هەوڵبدەوە.


٧-کەمێك چاوەڕوانببە ، تا ئەم شێوەیەی خوارەوەش تەواو دەبێت و، لادەچێت:




٨-له دووایدا و،دووای چاوەڕوانی ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەكەوێت:





٩-كليك لەسەر دووگمەی بەردەوامبوون ( Continue ) بكە:




١٠-له لاكێشه بەتاڵەكەدا سیرییەڵ نەمبەری بەرنامەكە بنووسە:





١١-كلیك لەسەر دووگمەی بەردەوامبوون (Continue) بكە، لەوێنەكەی پێشوودا، كەبەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەكەوێت:




-١٢ كليك لەسەر دووگمەی بەردەوامبوون (Continue) بكە،لەوێنەكەی پێشوودا،كەبەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەكەوێت:




-١٣كليك لەناو چوارگۆشەكەی بەردەم (I accept the terms in the license agreement) بكە
و، پاشان كليك لەسەر دووگمەی داهاتوو Nextبكە :




١٤-لە دوو لاكێشە بچووكەدا دووناو بنووسە و، پاشان كليك لەسەر دووگمەی Next بكە، كە بەهۆيەوە ئەم شێوەيەی خوارەوە دەردەكەوێت:




١٥-ئەگەر دەتەوێت هەرسێ بەرنامەكە دابەزێنی سەرەتا كليك لەناو چوارگۆشە بچووكەكانی بەردەم بەرنامەكان بكە (بڕوانە وێنەكەی سەرەوە) وپاشان كليك لەسەر Next بكە :


سەرنج: خۆی سەحدراوە لەهەرسێ بەرنامەكەوە، پێويست ناكات كليك لەناو چوارگۆشەكاندا بكەيت، مەگەر بتەوێت بەرنامەيەكيان دانەبەزێنی كليكی لەسەر بكەيت و، سەحەكە لابەبێت.




١٦- پاشان ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:




١٧-کلیك لەسەر دووگمەی (Install) بکە، لە وێنەکەی سەرەوەدا، کە بەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:



١٧-چەند جارێك ئەو هێما ڕەساسییە پڕدەبێتەوە،و پاشان دووایین قۆناغی دابەزاندن دەردەکەوێت و،کلیك لەسەر دووگمەی Finishبکە :




ئێستا بەرنامەی کۆراڵ درۆ دابەزی و،ئامادەیە بۆ ئەوەی کاری لەسەربکەیت و،نەخشە سازی و،کارەکانتی پێ ئەنجام بدەیت و،بفەرموو ...

# كردنەوە چالاككردنى بەرنامەى كۆڕێل درۆو


## ( چونە ناو بەرنامەكە )

## ڕێگەى يەكەم :


١-كليك لەسەر دووگمەى دەستپێكردن Startبكە ،كە دەكەوێتە سەر شريتى تاسك Task Bar لەسەر شاشەكە :




٢-سەهمی ماوسەکە بگوێزەرەوە بۆسەر بەشی بەرنامەکان ( یان هەموو بەرنامەکان ):





٣-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر CorelDraw Graphics suite،کە بەهۆیەوە لیستێکی بچوک دەکرێتەوە :



٤-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Corel Draw X۳وکلیکی لەسەر بکە:




٥-بەم ڕێگەیەی سەرەوە بەرنامەکەمان کردەوە:



سەرنج:

١-لەخاڵی (٢-) ی ڕێگەی یەکەمدا کەدەڵێین بەرنامەکان (یان هەموو بەرنامەکان) جیاوازی لە نێوانیاندا نییە و،بەڵکو بە گوێرەی هەڵبژاردنی جۆری پیشاندانی لیستی تاسك Task Menu دەگۆڕێت .

٢-دەتوانین ڕێگەی یەکەم بەبێ بەکارهێنانی ماوس جێبەجێبکەین بەم شێوەیە :


- پە نجە بنێ بە دووگمەی (ویندۆ)ی سەر ڕووی کیبۆردەکەدا.





-کە لیستی تاسك Task Menu کرایەوە پە نجەبنێ بە سەهمی سەرەوەدا ↑ و تابەشە چالاکەکە دەگاتە سەر بەشی بەرنامەکان (یان هەموو بەرنامەکان) :




- پە نجە بنیٚ بەسەهمی ← کەبەهۆیەوە لیستێکی نویٚ دەکرێتەوە:





- بەهۆی سەهمەکانەوە بچۆرە سەر بەشی کۆراڵ گرافیك :




-په نجه بنێ بەسەهمی ⟵ كەبەهۆیەوە لیستێكی نوێی بچوك دەكرێتەوە:




-بەهۆی سەهمەكانەوە بەشی كۆرپێل درۆو ئێكس سری چالاك بكەو، پاشان په نجەبنێ بە دووگمەی Enterی سەر ڕووی كیبۆردەكەدا:



- پاش ئینتەرکردن بەرنامەکە دەکرێتەوە:




# ڕێگەی دووەم:


١-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر شۆرت کەتی بەرنامە لە سەر ڕووی شاشەکە Desktop و، کلیکی ڕاست Right clickلەسەربکە :



-لەو لیستەی بەهۆی کلیکی ڕاستەوە کرایەوە، سەهمی ماوسەکە بگوێزەرەوە سەر فەرمانی کردنەوە Openکلیکی لەسەر بکە :




-بەمەش بەرنامەکە دەکرێتەوە:




سەرنج :

دەتوانین ئەو دووخاڵەی پێشوو کورتبکەینەوە:

-سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر شۆرتکەتی بەرنامەکەو ،دووانە کلیك ( دەبڵكلیك – Double Click ) ی لەسەر بکە :




-بەمەش بەرنامەکە دەکرێتەوە:وچالاك دەبێت:



# دروستكردنی شۆرتكەت

# Create Shortcut


ئەگەر شۆتكەتی بەرنامەكەمان نەبوو لەسەر ڕووی شاشەكە ،ئەوا ناتوانینن ڕێگەی دووەم بەكاربەرین ،مەگەر شۆرت كەت دروست بكەین ،ئەویش بەم شێوانەی خوارەوە:

## شێوەی یەكەم:


١-كليك لەسەر دووگمەی دەستپێكردن Startبكە ،كە دەكەوێتە سەر شریتی تاسك Task Bar لەسەر شاشەكە :




٢-سەهمی ماوسەكە بگوێزەرەوە بۆسەر بەشی بەرنامەكان ( یان هەموو بەرنامەكان ):





٣-سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر CorelDraw Graphics suite،كە بەهۆیەوە لیستێكی بچوك دەكرێتەوە :




٤-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Corel Draw X۳ وکلیکی ڕاستی لەسەربکە  لەسەربکە:





٥-لەو لیستەی بۆت دەکرێتەوە کلیك لەسەردروستکردنی شۆرت کەت Create shortcut بکە:



٦-بەم شێوەیە شۆرت کەتێك لە یەکێك لەم شوێنانەدا دروست دەبێت ( کۆتای لیستی بەرنامەکان،یان کۆتای لیستی بچوکی کۆمەڵە بەرنامەی کۆڕێل گرافیك ،یان سەر شاشەکە ) کە ئەم خاڵە بۆ هەموو بەرنامەیەکی تریشە ،و بەگوێرەی جۆری ویندۆز و سێرڤس پاك و....دەگۆڕێت:





-سەرنجبدەن لێرەدا لەکۆتایلیستی کۆمەڵەی کۆراڵ گرافیکدا دروست بووە:



-دەتوانیت بەهۆی درەگ و درۆپەوە شۆرت کەتەکە هەڵبگریت و ،بیگوێزیتەوە بۆسەر شاشەکە :





- پاشان دەتوانی ڕێگەی دووەم بەجێبهێنی و،بەرنامەکە بکەیتەوە :




سەرنج:

لە دروستکردنی شۆرتکەت ڕێگەی یەکەمدا، دەتوانین خاڵەکانی پێشوو جێبەجێبکەین تادەگەینە خاڵی چوار و پاشان بەم شێوەیە:

-کە سەهمی ماوسەکەت بردە سەر بەرنامەکە کلیکی ڕاست بکەو، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ناردن بۆ Send to:




-لە لیستە بچوکەکەدا سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Desktop(Create shortcut)و کلیکی لەسەر بکە و،بەمەش ڕاستەوخۆ شۆرتکەتێکت بۆ دروست دەبێت لەسەر ڕووی شاشەکەو،دەتوانیت بەهۆیەوە ڕێگەی دووەم ئە نجامبدەیت



# شێوەی دووەم :


١-لە شوێنێکی چۆڵی سەر ڕووی شاشەکەدا کلیکی ڕاست بکە :




سەرنج :

مەبەست لە شوێنی چۆڵی سەر ڕووی شاشەکە ئەوەیەکە ئەو شوێنەی کلیکی ڕاستی تیائە نجامدەدەیت هیچ ئایکۆنێکی لە ژێردا نەبێت چونکە لەم بارەدا لیستی تایبەت بەو ئایکۆنەت بۆ دەکاتەوە.

-لەو لیستە بچوکەی کە دەکرێتەوە سەهمی ماوسەکە ببەرە سەرنیو و پاشان بۆسەر شۆرت کەت و،کلیکی لەسەر بکە :



- پاشان ئەم دالۆگ بۆکسەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە:




-کلیك لەسەر دووگمەی براوس Browseبکە،کە بەهۆیەوە بگەڕی فوڵدەرت بۆ دەکرێتەوە:



-كليك لەسەر ‹ ( هێماى ) بەردەم مايكۆمپيوتەر بكە، تابەهۆيەوە بەشەكانيت بۆ بكرێتەوە:




- پاشان كليك لەسەر هاردى سى بكە :



-کلیك لەسەر فۆلدەری Program fileبکە:




-کلیك لەسەر فۆلدەری کۆراڵ بکە:



- پاشان کلیك لەسەر فۆڵدەری کراڵ گرافیك سویت ئێکس ۳ بکە :




-کلیك لەسەر فۆڵدەری پرۆگرامس Programsبکە :



-بەهۆی ماوسەکەوە ،یان بەهۆی سەهمەکان کیبۆردەکەوە بچۆرە سەر کۆراڵ درۆ ،بۆ ئەوە چالاك بێت:




-ئێستا کلیك لەسەر دووگمەی OKبکە و،بەمەش دەچێتەوە سەر دایەلۆگ بۆکسەکەی یەکەم:



-كليكى دووگمەى Nextبكە ،وەك لەم شێوەيەى خوارەوەدا ديارە:





-كليكى دووگمەى Finishبكە :



-بەم شێوەیە شۆرت کەتی بەرنامەکە لەسەر ڕووی شاشەکە دروست بوو:




-ئێستا دەتوانین بەهۆی ئەم شۆرت کەتەوە بەرنامەکە بکەینەوە:




# ڕێگەی سێهەم:


١-بەهۆی یەکێك لە ڕێگەکانی کردنەوە My Computerبکەرەوە:





٢-بەهۆی یەکێك لە ڕێگەکانی کردنەووە: هاردی سی بکەرەوە:




٣-بەهۆی یەكێك لە ڕێگەكانی كردنەوەوە فۆڵدەری هەموو فایلەكان بكەرەوە Programs File:





٤-پاشان فۆڵدەری كۆرڵ بكەرەوە:




**٥-فۆڵدەری کۆراڵ سویت گرایفیك ۳ بکەرەوە:**





**٦-فۆڵدەری بەرنامەکان Programsبکەرەوە:**



٧-بەرنامەی کۆراڵ بدۆزەرەوە ، بەهۆی یەکێك لە ڕێگەکانی کردنەوەوە بیکەرەوە:




٨-بەم ڕێگەیەش بەرنامەکە دەکرێتەوە:




سەرنج:

١-دەتوانیت لە ڕێگەی سێهەمەوە ،شۆرت کەت دروست بکەیت ،ئەویش بەکلیکی ڕاست کردن لەسەر کۆراڵ و، پاشان ناردن بۆو،دوواتر کلیککردن لەسەر دیسك تۆپ( دروستکردنی شۆرت کەت ) وەك لە پێشتر باسمانکردن.

٢-ڕێگەی سێهەم زیاتر لەو کاتانەدا بەکاردێت ، کە شۆرت کەتی بەرنامەکە لەسەر دیسك تۆپ و، لەناو لیستی بەرنامەکانیشدا نەبێت ، ئەو ساناچار دەبین بەبەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە.

# پێکهاتەی بەرنامەی کۆرێڵ درۆو

## یەکەم :شریتی ناونیشان- Title Bar

یەکەمین بەشی پێکهاتەی بەرنامەی کۆرێڵ درۆیە و،بۆیە پێی دەڵێن : شریتی ناونیشان . چونکە ناونیشانی بەرنامەکەی تێدا نووسراوە کە بەرنامەی Corel draw x۳ -یە، ئەمە جگە لەناوی ئەو مەلەفەی کە هەنووکە کراوەتەوەو،خۆی Graphic ۱ ی بۆ دادەنێت ،ئەگەر پێشتر خزنمان نەکردبێت بەناوێکی دیکەوە، و هاوکات هێمای بەرنامەکە Identify Icon و،سێدووگمەی تێدایە :

- Close / داخستن /


ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ داخستنەوەی بەرنامەکەو،هاوکات دەتوانین ئەم فەرمانە بەهۆی هەردوو دووگمەی ئاڵت و ئێف چواریشەوە ئەنجامبدەین، ئەویش بە پەنجەنانبەدووگمەی ئاڵت و،لانەبردنی پەنجەت و،هاوکات پەنجەیەکی دیکەت بنێ بە دووگمەی ئێف چوار دا ، ئەم کارە بە ئاڵت و ئێف چوار ناسراوە.

جگەلەم دوو شێوەیەی سەرەوە دەتوانین سود لە دووگمەی ئێگزتی لیستی فایلی بەرنامەکە وەربگریت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەو داخستنەوەی بەرنامەکە :

File>>>>>>>Exit


سەرنج :

ئەگەر ئەو فایلەی لە بەردەستتدایەو ، گۆرانت تێدا کردبێت ئەو گۆڕانەت سەیڤ نەکردبێت ،ئەوا لەو کاتەی کەدەتەوێت بەرنامەکە دابخەیتەوە دایەلۆگ بۆکسێکت دەداتێ ، کە پێت دەڵێت (ئایا دەتەوێت ئەو گۆڕانەی ئەنجامت داوە ،خەزنی بکەیت) ئەگەر دەتەوێت کلیك لەسەر دووگمەی بەلێ Yes بکەو ،ئەگەر ناتەوێت کلیك لەسەر دووگمەی نەخێر بکەو،ئەگەر لە داخستنی بەرنامەکەش پاشگەز بوویتەوە کلیك لەسەر دووگمەی پاشگەزبوونەوە لە فەرمان Cancel بکە :




- Maximize/restore بچووککردنەوەی گەڕاندنەوە بۆ شێوەی ئاسای و گەورەی خۆی /

ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ بچووککردنەوەو،گەورەکردنەوەی ئەو بچووککردنەوەیەی ئە نجامانداوە .



-بچوككردنەوە/Minimize

ئەم دووگمەیە بۆ بچوككردنەوەی بەرنامەكە بەكاردێت بۆ سەر شریتی تاسك Task Bar، كە لەم بارەدا وەكو دووگمەیەك دەردەكەوێت و،بە كلیك كردن لەسەری بەرنامەكە گەورە دەبێتەوە ،و دەگەڕێتەوە باری پێشووی و،دێتەوە سەر شاشەكە :







# دووەم : شریتی لیستەکان – Menu Bar

لە شریتی لیستەکاندا ( ١١ ) دووگمەهەیە و، بەکلیککردن لەسەر هەرکامێکیان لیستێك دەکرێتەوە و، هەر لیستەش تایبەتە بەلایەنێکی دیاری کراو ، و هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە بە شریتی لیستەکان ناودەبرێت :

## وێنەی شریتی لیستەکان





## وێنەی لیستێکی کراوەی شریتی لیستەکان



# سێهەم :شریتی ئامرازەکان- Tool bar

بەشی سێهەمی پێکهاتەی سەرەکی بەرنامەکەیەو،دووگمەکانی کار ئاسانی دەکەن بۆ بەکارهێنەران و،هەمیشە لەبەر دەستدان و،سودی تەواویان هەیە :

وێنەی شریتی ئامرازەکان




# چوارەم :شریتی تابە تمەندییەکان


بەهۆی ئەم شریتەوە دەتوانیت دەیت بەسەر ئەو فەرمانەدا بگریت کە لە سندوقی ئامرازەکاندا هەڵتبژاردووەو،بەگوێرەی ئەو فەرمانەی هەڵیدەبژێریت ئەم بەشەش دەگۆڕێت :

وێنەی شریتی تاییە تمەندییەکان




# پێنجەم :ڕاستە- Ruler

ڕاستە، بریتییە لە دوو شریت ،کە یەکێکیان ئاسۆییەو،ئەوی تریان شاوڵییە و،بۆ دیاری کردنی شوێنی



# شەشەم :سندووقی ئامرازەکان – Tool box

لەم بەشەدا چەند ئامرازێکی بەکارهێنانی وێنەسازی هەیەو،هەر ئامرازێکیش ئایکۆنێکی تایبەتی هەیەو،بەهۆیەوە لە شێوەی ئامرازەکە دەگەین و،هەر ئایکۆنێك لەبەشی خوارەوەیدا سەهمێك هەیە کە بەکلیککردن لەسەری پێکهاتەکانی ئایکۆنەکە چالاك دەبێت و،دەتوانین بەهۆیەوە کارەکانمان ئە نجامبدەین .

بڕوانە وێنەکە

# حەوتەم :شریتی ڕەنگەکان –Colour tool bar


شریتی ڕەنگەکان تایبەتە بە بواری پڕبایەخی ڕنگگکردن و ،ڕنگداری و،بە گوێرەی پێکهاتەو ئامرازەکان سودیان لێوەر دەگیرێت.

بڕوانە وێنەکە




**هەشتەم: شاشەی بەخێرهاتن** – Welcome Screen

**ئەم بەشەی پێکهاتەی بەرنامەکە ،لەکاتی کردنەوەی بەرنامەکەدا دەردەکەوێت ،ئەگەر کلیك لەناو چوار گۆشەکەی بەردەم نووسراوی** ( Show this welcome screen at start up ) **بکەین و،بە پێچەوانەشەوە ،کەلەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە،بە هەڵبژاردنی یەکێکیان لاپەڕەی وێنە دەبێتە جێگرەوەی ئەم شاشەی بەخێرهاتنەو ، دەبێتە هەشتەم لە پێکهاتەی بەرنامەکە:**





- New: **بۆ کردنەوەی فایلێکی نوێ.**
- Recently used: **بۆ ککردنەوەی دووایین مەلەف ،کە چاککردن و،گۆڕانت تێدا ئە نجامداوە پێش داخستنی بەرنامەکە لە دوواجاردا.**
- Open: **بۆ کردنەوەی وێنەو گرفیکێك بەکاردێت .**
- New from template: **بۆ کردنەوەی قاڵی بەرنامەی کۆرێڵ دروۆ ئێکس ۳ بەکاردێت ،کە ژمارەیەك قاڵبی جوانو ،ئامادەی تێدایەو دوواتر باسیان دەکەین.**
- Corel tutor: **دەتوانیت سود لەم بەشە وەربگریت بۆ مەبەستی فێربوون و،تێگەیشتنی کۆرێڵ دروۆ ئێکس ۳ و،چەند بابەتێك ببینی کە بەم بەرنامەیە کراوە.**

– What's New : بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانیت بزانیت ، چ گۆڕانێك و،چ تازەكارییەك لە كۆرێل دروۆ ئێكس ۳ دا كراوە ،واتە چی شتێك تازەیە لە ڤێرژنی تازەدا.




# نۆهەم :شریتی ژماردنی لا پەڕەكان – Page counter

بەهۆی ئەم بەشەوە ژمارەی ئەو لا پەڕانە دەبینیت كە چالاكەو ،دەتوانیت گوێزانەوە لە نێوانیاندا ئە نجامبدەیت و،كامیانت ویست چالاكی بكەیت:





# دەهەم :شریتی زانیارییەكان – Status Bar

ئەم شریتە دەكەوێتە كۆتای ڕووكاری كراوەی بەرنامەكە و،بەهۆیەوە ، و بەگوێرەی ئەو كارو،فرمانانەی ئە نجامیان دەدەین زانیاریمان دەداتێ:



# یانزەهەم : پەنجەرەی وێنە کێشی – Drawing Windows

ئەم بەشە ئەو لاپەرە سپییە دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە کارەکانمان ئەنجامدەدەین و،کاری نەخشەسازی و،وێنەسازی تیائەنجامدەدەین و،ئەم بەشە جێگرەوەی شاشەی بەخێرهاتنە وەکو لەوخاڵەدا باسمان کرد ، بەلاَم بۆیە دووبارەمان کردەوە تاهەندێك خوێنەر واتێنەگات کە بەهەڵەدا چووین .




# دوانزەهەم :شریتی هاتووچۆپێکردن – Scroll Bar

ئەم شریتانە بەکاردێت بۆ هاتووچۆپێکردنی و،گواستنەوە لە نێوان بەشەکانی فایلی چالاکدا و،سودی خۆی هەیە وەکو لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکاندا بەدی دەکرێت .

بڕوانە وێنەکەی سەرەوە

# بەشی دووەم

# پێکهاتەی شریتی لیستەکان


# Menu Bar

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین پێکهاتەکانی ئەم لیستانە ڕوون بکەینەوە و،بە نموونەوە بیخەینە بەر دەستی تۆی فێر خواز تەنها ئەو فرمانانە نەبێت کەزۆر پێویست نین ،یان گرنگ نین ،واتە بەلای ئێمەی بەکارهێنەری کوردەوە گرنگ نییە ،ئەگینا هیچ بەش و،فەرمانێك زیادەنییەو ،بێ مەبەست و،بەکارهێنانی تایبەتی دانەنراوە .

# فایل – File


ئەم لیستە هەموو ئەو فەرمانانە لە خۆ دەگرێت کە بەکاردێن بۆ کارکردن لەسەر فایل ،وەکو: کردنەوە،داخستن،هەڵگرتن و پاراستنی زانیاری ( سەیڤ ) ،هێنانی فایل لە بەرنامەی تروەوە و ......

New- : بۆ کردنەوەی فایلێکی نوێ بەرکار دەهێنرێت و،بەکلیك کردن لەسەر ئەم فەرمانە کارەکە ئە نجامدەدرێت و لا پەڕیەکی نوێ دەکرێتەوە :





دووای کلیك کردن لەسەر New

File >>>>>>New




- New from template:بۆ كردنەوەى فايلێكى نوێ كە قاڵبە بەكاردەهێنرێت ، بەم شێوەيە :


*كليك لەسەر فايل بكە و، پاشان كليك لەسەر New from templateبكە :




*پاشان دايەلۆگ بۆكسى تايبەت بە هەڵبژاردنى قاڵب دەكرێتەوە، كەلە چەند بەشێك پێكهاتووە و دەتوانيت بەخواستى خۆت قاڵبێك هەڵبژێريت:



+Full page: لەم بەشەدا کۆمەڵێك قاڵبی جوان ئامادەیە :





+بەشەکانی دیکەش بەهەمان شێوە ،دەتوانیت خۆت تاقیبانبکەیتەوە و،کام قاڵبەت بە دڵبوو هەڵیبژێریت.


*دووای ئەوەی قاڵبێکت پێجووانبوو دووانە کلیکی لەسەر بکە ،یان کلیك لەسەر قاڵبەکە بکەوە ، پاشان کلیك لەسەر OKبکە .

- Open: بۆ کردنەوەی فایلێکی سەیڤکراو بەکار دێت :

*کلیك لەسەر فایل بکە و، پاشان کلیك لەسەر کردنەوە openبکە:




* پاشان ئەم دایەلۆگ بۆکسەت بۆ دەکرێتەوە :





+ بەهۆی بەشی Look in ئەو شوێنە هەڵبژێرە کە فایلەکەت تیا سەیڤکردووە .

+بەهۆی بەشی File of type وە جۆری فایلەکە دیارییەکە .


*دووای هەڵبژاردنی فایلەکە دووانە کلیك لەسەر فایلەکە بکە ،یان کلیك لەسەر فایلەکە بکەو ، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Open بکە ، و بەمەش فایلەکە دەکرێتەوە :



Close- : بۆ داخستنی فایلی چالاکی سەر شاشەکە بەکار دێت ،ئەویش بەکلیك کردن لەسەر فایل و ، پاشان کلیك کردن لەسەر ئەم فەرمانە و،بەمەش فایلەکە دادەخرێتەوە، دیارە ئەگەر گۆڕان لە فایلەکەدا ئە نجامنەدرابێت یەکسەر فایلەکە دادەخرێتەوە، ئەگەرنا سێ هەڵبژاردنت لە دایەلۆگ بۆ کسێکدا دەداتێ وەکو لە تایتڵ باردا باسمانکرد:





- Close All : بۆ داخستنەوەی چەند فایل و،وێنەو نەخشەسازی کراوە پێکەوە بەکاردەهێنرێت، واتە داخستنی هەموویان لە یەککاتداو پێکەوە :



– Save: بەکاردێت بۆ هەڵگرتنو پاراستنی زانیاری ئامادە لە شوێنێکی دیاری کراو بەناوێکەوە :

*کلیك لەسەر فایل بکەو، پاشان کلیك لەسەر سەیڤ بکە :




*ئەم دایەلۆگە بۆ کسەت بۆ دەکرێتەوە :





+لە خانەی Save in دا ئەو شوێنە دیاری بکە کەدەتەوێت فایلەکەتی تیا سەیڤ بکەیت .

+لەخانەی File name دا ناوێك بۆ فایلەکەت دابنێ و بینووسە .


+لە بەشی Save as typeدا جۆری خەزنکردنەکەت هەڵبژێرە .

*دووای ئەنجامدانی ئەو سێ ( + ) سەرەوە کلیك لەسەر دووگمەی Saveبکەو بەمەش فایلەکەت بۆ سەیڤ دەبێت بەو هەڵبژاردنانەی ئەنجامت داوە، وە ئەگەر ویستت پەشیمان ببیتەوە لەهەموو فەرمانەکاندا کلیك لەسەر پەشیمان بوونەوە لە فەرمان Cancelبکە .

- Save as : بۆ هەڵگرتن و پاراستنی زانیاری بەکاردێت بە ناوێکی نوێوە وە ،واتە نەوەیەکی نوێ ی ئەو فایلەی پێشتر خەزنمان کردووە، یان بەهەمانناوە بەڵام لە شوێنێکی تردا :




*ئەم دایەلۆگ بۆ کسەت بۆ دەکرێتەوە :



+لە خانەی  Save inدا ئەو شوێنە دیاری بکە کەدەتەوێت فایلەکەتی تیا سەیڤ بکەیت .

+لەخانەی  File nameدا ناوێك بۆ فایلەکەت  دابنێ و بینووسە .

+لە بەشی  Save as typeدا جۆری خەزنکردنەکەت هەڵبژێرە .


*دووای ئە نجامدانی ئەو سێ ( + ) سەرەوە کلیك لەسەر دووگمەی  Saveبکەو بەمەش فایلەکەت بۆ سەیڤ دەبێت بەو هەڵبژاردنانەی ئە نجامت داوە، وە ئەگەر ویستت پەشیمان ببیتەوە لەهەموو فەرمانەکاندا کلیك لەسەر پەشیمان بوونەوە لە فەرمان  Cancelبکە .

- Revert : بەکاردێت بۆ گێڕانەوە بۆ دۆخی جاران و، پێشتر و،لەهەندێك کاتدا چالاك دەبێت .بۆنموونە ئەگەر وێنەیەك بەهۆی فەرمانی  Import–وە ،بهێنین دەتوانین بەهۆی ئەم فەرمانەوە پاشگەزببینەوەو،بگەڕێینەوە بۆ دۆخی پێشتر و،باری ئاسایی خۆیی


-Acquire : ئەم فەرمانە بەکار دێت بۆ هێنانی وێنە ،یان بەڵگە نامە ،یان … لە ئامێری سکانەرەوە ،ئەگەر کۆمپیوتەرەکەمان ئەم ئامێرەی لەسەر بێت .

- Import : بەکاردێت بۆ هێنانی فایل و،وێنە بۆ ناوپەڕنامەکە :

*کلیك لەسەر فایل بکەو ، پاشان کلیك لەسەر ئیمپۆرت بکە :




*ئەم پە نجەرەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە :





+ لەخانەی Look inدا، ئەو بەشە هەڵبژێرە کە وێنە یان فایلەکەی تێدایەو دەتەوێت بیهێنی .

+لە خانەی File of Typeدا، جۆری ئەو فایلە دیارییکە کەدەتەوێت بیکەیتەوە، یان باهەر All File Formatsبێت بۆ ئەوەی هەموو جۆرەکانی فایلەکانی ناوئەو بەشە ببینی کە پێشت هەڵتبژاردووە .


*دوای ئەوەی وێنە یان فایلەکەت دیاری کرد د ووانە کلیکی لەسەر بکە بۆئەوەی بێتەسەر لا پەرە چالاککەکەی بەر دەمت، یان کلیکی لەسەر بکەو پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Importبکە، یان کلیك لەسەر کانسڵ بکە ئەگەر دەتەوێت لەکارەکەت پەشیمانبییتەوە :



* پاشان وێنەکە چالاك دەبێت بۆ ئەوەی لە لا پەڕە چالاکەکەی بەردەستماندا دای بنێین :




*لەچ شوێنێکدا دەتەوێت وێنە یان فایلەکە دابنێیت کلیك بکەو بەمەش وێنەکە دادەنرێ و،دەتوانیت دەستی بەسەردا بگریت و،گەورەی بکەیت ،یان بچوکی بکەیتەوە ،ئەویش بە درەگ و دڕۆپ بەهۆی ئەو چوار گۆشە بچوکانەی دروست دەبێت بەدەوری وێنەکەدا :




- Export:ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ ئێکسپۆرت کردن و،ناردنی وێنەو فایل بە یەکێك لە شێوەکان بۆ شوێنێکی دیاری کراو :

*کلیك لەسەر فایل بکە و، پاشان کلیك لەسەر ئێکسپۆرت بکە :




*بەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە بۆ دەکرێتەوە :





+لەخانەی Save inدا، ئەو شوێنە دیاری بکە کەدەتەوێت فایلەکەی تیاسیڤ بکەیت .


+لەبەشی File Nameدا، ناوێك بۆ فایلەکەت بنووسە .

+لەخانەی Save as type دا، شێوەی و مۆدێلی خزنکردنەکە دیای بکە ئایا بەشێوەی وێنە JPG یان فایلی کۆراڵ یان .... بێت .

*لە پاشاندا کلیك لەسەر دووگمەی Export بکە :




*پاش هەنگاوی پێشتر، دایەلۆگ بۆ کسێکی نوێدەکرێتەوە:



لە دایەلۆگ بۆکسەکەی پێشوودا دەتوانیت ئەم گۆڕان و،هەڵبژاردنانە ئە نجامبدەیت :

+لەبەشی قەبارەی وێنەدا Image Size

@دەتوانیت لە بەشی پانی Widthدا ، پانی وێنەکەت ،یان فایلەکەت دیاری بکە .

@لەبەشی Highدا ،بەرزی فایل یان وێنەکە دیاری بکە .


@لەبەشی Resolutionدا ،دیقەی وێنەکە یان فایلەکە دیاری بکە .

@لەتەنیشت ئەم سێبەشەی پێشتر ( پانی ،بەر زی ،دیقە ) لاکێشەیەك هەیەو دەتوانیت بەهۆیەوە یەکەی پانی و بەرزییەکە دیاری بکەیت : ( ئینج ،سانتیمەتر ،....... )

@لەم بەشەدا چەند هەڵبژاردنی تریش هەیە .

+لەبەشی ڕنگ Colourدا ،دەتوانیت سود لە Color modeوەربگریت بۆ دیاری کردنی ڕەنگداری وێنەکەت کە چەند هەڵبژاردنێکی تێدایە ( RGBسێرەنگە و CMYKچوار ڕەنگ و....... ) ئەمەش زیاتر لەباری فەرزی ڕەنگەکاندا سودی لێوەر دەگیرێت .


*پاشان کلیك لەسەر okبکەوە ،بەمەش ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت کەحەجمەکەی پێدەڵێ و هەندێك زانیاری دی و،دەشتوانی کەمێك گۆڕا بکەیت :



* دووباره كليك له‌سه‌ر OKبكه‌ و، له‌ وشوێنه‌ بڕوانه‌ كه‌ پێشتر دیاریت كردبوو تاوێنه‌كه‌ت ،یان فایله‌كه‌تی تیا سه‌یڤ ببێت :





*ئێستا ده‌توانیت به‌ دووانه‌ كليك به‌ر هه‌مه‌كه‌ت و،ئه‌و فایله‌ی سه‌یڤتكرد بیكه‌یته‌وه‌ :




- Export for Office : ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ ناردنی وێنەو فایلەکان و،سەیڤ کردنیان بۆ ئۆفیس :


*کلیك لەسەر فایل بکە و، پاشان کلیك لەسەر ئێکسپۆرت فۆر ئیۆفیس بکە :





* پاشان ئەم پە نجەرەیەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە و، چەند هەڵبژاردنێکی سادەو ئاسانی تێدایە و، کلیك لەسەر ئۆکەی بکە




*پاشان و دوای ئۆكەی كردن دیەلۆگ بۆكسی سەیڤ دەكرێتەوە ،(وەكو پێشتر باسمان كرد ) كليك لەسەر سەيڤ بكەو ،بەمەش فايلەكە سەيڤ دەبێت :




*بەم شێوەیە فایلەکە سەیڤ بوو دەتوانیت بەهۆی دووانە کلیکەوە، پەشان کلیك لەسەر ئۆکەی بیکەیتەوە:




- Send to : ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ ناردنی فایلی چالاك بۆ چەند شوێن و،هەڵبژاردنێکی زۆر :





- Print: بۆ چاپکردنی لاپەڕەی چالاکی سەرشاشەکە بەکاردێت، ئەگەر ئامێری کۆمپیوتەرەکەمان، ئامێری پرنتەری لەسەر بێت :

*کلیك لەسەر فایل بکەو ، پاشان کلیك لەسەر پرنتەر :



*لەبەشی name دا، ناوی پرنتەرەکەت هەڵبژێرە ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت چەند پرنتەرێکی لەسەرەوە ، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی چاپکردن Print بکە :





*بەم شێوەیە وێنەکە یان فایلەکە چاپدەبێت :




- Print merge : بەكاردێت بۆ دەمجكردنی چاپكردن :


*كليك لەسەر فايل بكەو ، پاشان كليك لەسەر پرێنت مێرج بكە :





*كليك لەسەر Create load merge field بكە :




*کلیك لەسەر Nextبكە :





*لەخانەی Name a fieldدا ناوی فێڵدەكە بنووسەو كلیك لەسەر دووگمەی Addبكە :



*بەو شێوەیە چەند فایلت هەیە ئەدی بکەو پاشان کلیك لەسەر نێکست بکە :





* پاشان کلیك لەسەر دووگمەی نێکست بکەرەوە :





سەرنج : ئەگەر ویستت نێکیت بکەیت و قبوڵی نەکرد سود لە دووگمەکانی تەنیشت نیو و ،دیلێت وەربگرە .

*کلیك لەسەر دووگمەی Finish بکە :





*پاشان ئەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت ، کەلە سێ بەش پێکهاتووەلە راستەوە بۆچەپ :

+بۆ چاپکردن .          +بۆ ئەد کردن یان گۆڕان .   +بۆ دروستکردنی مێرج پرێنتی نوێ .




- Print Preview : ئەم دووگمەیە بەکاردێت بۆ پیشاندان ی لاپەرەو ،فایلی چالاك پێش چاپکردن :

*کلیك لەسەر فایل بکە و، پاشان کلیك لەسەر پرێنت پریڤیوو بکە :





* پاشان شێوەیەکی نوێ دەردەکەوێت کە پێت دەڵێت لە کاتی چاپکردندا بەو جۆرە دەردەکەوێت و،ئەو دایەلۆگ بۆ کسە نوێ کۆمەڵێك فەرمانی سادەی تێدا و ،لەکۆتای کایك لەسەر داخستنی X پیشاندانی پێشچاپکردن بکە :




- Print setup: بەکاردێت بۆ ڕێکخستن و،چاککردنی چاپکردن و،دەستکاری کردن تایبەتمەندییەکانی چاپکردن :

*کلیك لەسەر فایل بکە و، پاشان کلیك لەسەر پرێنت سێتەپ بکە :





*پاشان ئەم دایەلۆگ بۆ کسەت بۆ دەکرێتەوە کەدەتوانیت ،بەهۆی دووگمەی تایبەتمەندییەکانەوە گۆڕان ئەنجامبدەیت و پاشان ئۆکەی بکەیت و،دووبارە ئۆکەی بکەیتەوەوە، پاشان بەهۆی فرمانی پرنتەوە ( پێشتر باسمان کرد ) فایلەکە چاپبکەیت :




Prepare for service bureau - : ئەم فەرمانە سوی لیۆەردەگیریێت بۆ هەڵگرتن و، پاراستنی ئەو کارەی ئە نجامی دەدەیت بەفایلی کۆراڵ لەگەڵ فایلێکدا کەهاوکات لەگەڵیدا دروست دەبێت و،زانیاریی لە بارەی کارەکەوە لەخۆدەگرێت :


*کلیك لەسەرفایل بکەو ، پاشان کلیك لەسەرفەرمانی ناوبراو بکە :





*ئەم دایەلۆگ بۆکسەی خوارەوە دەکرێتەوە کلیك لەسەر دووگمەی Next بکە :




*دووباره کلیکی نێکست بکه :





*بەهۆی Browse... – وه ، ئەو شوێنەدیاری بکه ، کەدەتەوێت فایلەکه تێدا هەڵبگریت و،بیپارێزیت :




*کەلیکت لەسەر Browse... کرد، ئەم دایەلۆگ بۆکسە دەکرێتەوەو،بەهۆیەوە شوێنی فایلەکە دیاری بکە، و کلیك لەسەر دووگمەی Ok بکە :





*کلیك لەسەر دووگمەی Next بکە :




*كليكێكى تر لەسەر دووگمەى Next بكە :





*كيك لەسەر دووگمەى Finish بكە :



*ئێستا ئەگەر بچیتە سەر ئەو شوێنەی فایلەکەت تیا هەڵگرتووەو، پاراستووتە ،دەبینی دوو فایل هەیە ،کە یەکیان فایلە هەڵگیراوەکەیەو ،فایلەکەی تریان زانیارییە لەسەر فایلە هەڵگیراوەکە :





فایلە زانیارییەکە




-... Publish to the web: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ ئامادەکردنی و ،ناردن و،گواستنەوەی لاپەڕەو ،فایل بۆ ئینتەرنێت :


*کلیك لەسەر فایل بکەو ، پاشان کلیك لەسەر ... Publish to the webبکەو ،بەمەش سێهەڵبژاردنت دەداتێ :





*بۆنموونەئەگەر کلیك لەسەر یەکەمیان بکەیت ئەوا دایەلۆگ بۆ کسێکت بۆ دەکاتەوە بۆ گۆڕینی فایلەکەی بەردەستت بۆ ...HTML، کە کۆمەڵێك هەڵبژاردن و،تایبە تمەندی تێدایە :



*دووای هەڵبژاردنی تایبە تمەندییەکان کلیك لەسەر Ok و ، بەمەش فایلەکە بەشێوەی ئیچ .تی .ئێم.ئێڵ ئامادە دەبێت بۆ دابەزاندن :





*فایلی ئامادە بۆ دابەزاندنی لە ئینتەرنێتدا :




- Publish to PDF: گۆڕینی لاپەڕەو ،فایل بۆ شێوەی ئەکرۆبات :

*کلیك لەسەر فایل بکە و، پاشان کلیك لەسەر Publish to PDF:




*ئەم دایەلۆگ بۆکسەی خوارەوە دەکرێتەوە :



+لەخانەی Save inدا ، ئەو شوێنە دیاری بکە کەدەتەوێت فایلەکە تیا سەیڤ بکەیت .

+لەخانەی File nameدا ، ناوێك بۆ فایلەکەت بنووسە .


+لەخانەی Save as typeدا ، جۆری سەیڤ کردن دیاری بکە .( لێرەدا خۆی دیاری کراوە بەشێوەیەکی خۆی )

+لەخانەی PDF Styleدا ، مۆدێلی ئەکرۆباتەکە دیاری بکە .

*کلیك لەسەر Saveبکە و،بەمەش فایلەکە دەگۆرێت بۆ ئەکرۆبات :





*ئەمەش ئە نجامی کارەکەیە :




-Document info…: بەکاردێت بۆ زانینی زانیاری فایل و ، لاپەڕەی کار :

*کلیك لەسەر فایل بکە و، پاشان کلیك لەسەر دۆکیۆمێنت ئینفۆ بکە :





*دایەلۆگ بۆکسێك دەکرێتەوە ، تیایدا زانیاری تەواو لەبارەی فایل و ، لاپەڕەکانەوە هەیە و،دووای خوێندنەوەو


،زانینی زانیارییەکان بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Closeدایبخەرەوە :



-....................: ئەو فایلانەی کارمان تێدا کردووە لە پێشتردا لێرەدا دادەنرێت و ،بە کلیك کردن لەسەر هەکامێکیان چالاك دەبێت و،دەکرێتەوە :




*Exit: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ داخستنەوەی بەرنامەکە و ،دەرچوون لێی و،بەکلیککردن لەسەری ئەم فرمانە بەئەنجامدا دەگات :




# ئیدێت – Edit


ئەم لیستە هەموو ئەو فەرمانانە لە خۆ دەگرێت کە بەکاردێت بۆ چاککردنی هەڵەو ،ڕێکخستن و،کار ئاسانی وەکو : لەبەرگرتنەوە ،برین ، دانانەوە ،گێڕانەوە .

-...Undo : ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ پاشگەزبوونەوە لە دوواهەمین فەرمانی ئەنجامدراو :

*ئەگەر لەم فایلەی بەر دەستتدا بتەوێت لە دوواهەمین کردار پەشیمان ببیتەوە ،ئەوا کلیك لەسەر ئیدیت بکەو ، پاشان کلیك لەسەر Undoبکە :





*بەکلیك کردن لەسەر ئەو فەرمانە ڕەنگی نووسینەکە دەگۆڕێتەوە بۆ ڕەنگی پێشووتری :




-Redo...: بەکاردێت بۆ پێچەوانەکردنەوەی فەرمانی پێشوو گێڕانەوەی ئەو دووا کردارەی پەشیمان بووینەوە لێی لامان برد:


*ئەگەر پەشیمانببوبینەوەو ،وێنەیەکمان لابردبێ و پاشان هێنابێتمانەوەو،دووبارە بمانەوێت پێچەوانەی فرمانی ئەندو بکەین وە:




دووای کلیك کردن لەسەر ...Redo




-Repeat…: ئەم فەرمانە تایبەتە بە دووبارەکردنەوەی پەشیمانبوونەوە لەو کارو هەنگاوانەی ئە نجامدراوە :




* Cut: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ برینی پێکهاتەیەکی دیاری کراو ،کە یان زیادەو بێسودە ، یان دەمانەوێت لە شوێنێکی تردا سودی لێوەربگرین :


*ئەو پێکهاتەیەی دەتەوێت بیبریت دیاری (Select) بکە ،بەهۆی کلیککردن و،ڕاکێشان بێئەوەی پە نجە لەسەر ماوسەکە لاببەیت ،یان بەهۆی کۆنترۆڵو پیتی ئەی ئینگلیزی ،یان بەهۆی یەك کلیکەوە ئەگەر وێنە بوو :



*كليك لەسەر ئيديت بكەو ، پاشان كليك لەسەر cutبكە :





*دەبينين نووسينە ديارى كراوەكە دەبڕدرێت :




- Copy : بەکاردێت بۆ ئیستنساخ و،لەبەر گرتنەوەی ئەو وێنە یان نووسین ،یان پێکهاتەیەی کە دەمانەوێت و،لە شوێنێتردا پێویستمانە ،یان لەهەمان شوێندا پێویستمان بەچەند دانەیەکە بەکاردێت ،تابەهۆی فەرمانەکانی دوواتراوە دای بنێینەوە :

*ئەو پێکهاتەیەی دەتەوێت کۆپی بکەیت دیاری ( سەلێکت ) بکە :





*کلیك لەسەر دووگمەی لیستی ئیدێت بکەو، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر کۆپی و،کلیکی لەسەر بکە ،و بەمەش ئامادەی دەکەین بۆ دانانەوە :




-Paste: بەکاردێت بۆ دانانەوەی ئەو بەش و پێکهاتانەی کە بڕیوومانە ، یان کۆپییمان کردووە:


*کلیك لەسەر ئیدیت بکەو ، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Paste و، کلیکی لەسەر بکە :





*چە نجار کلیك لەسەر Paste بکەیت ئەوەندە جار وێنە ، یان بەش و پێکهاتە بڕدراو Cut، یان کۆپی کراوەکەت بۆ دادەنێتەوە :




...- Paste special: بەکاردێت بۆ دانانەوەی تایبەتی بەشی بڕدراو ،یان کۆپی کراو ،بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی دای دەنێتەوە :




- Delete: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ سڕینەوەوە، لابردنی ئەو بەشەی کە دیاری دەکەین بەهۆی یەکێك لە ڕێگەکانی دیاری کردنەوە :




Symbol-: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ هەڵگرتن و پاراستی ئەو هێماو شێوانەی دروستی دەکەین ،بۆئەوەی بتوانین لەکات و ،شوێنێکی دیکەدا داییبنێینەوەو،بەکاری بهێنین :




Duplicate-: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی دیاری کرا و( سەلێکت کراو ) بکەین بە دووان :


* پێکهاتەکە دیاری بکە ( Select ) :



*كليك لەسەر ئيديّت بكەو ، پاشان كليك لەسەر Duplicateبكە :





*بەم شێوەیە پێكهاتە دیاری كراوەكە دەبێت بەدووان و، چەند جاریش كلیكی لەسەر بكەیت ئەوەندەجار بۆت دەكات بە دووان :




Clone- : سودێکی بەنرخی هەیە وەکو :


*شێوەیەك بکێشە بەهۆی شێوەکانی تووڵ بۆکسەوە :




* پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر دووگمەی لیستی ئیدیت و ، کلیکی لەسەر بکەو ، سەهمی ماوسەکەش ببەرە سەر فەرمانی ناوبراو کلیکی لەسەر بکە :



*دەبينيت شێوەكە بووبەدوان :





*ئەگەر دەتەوێت شێوەی زیاتر دەست بكەوێت، كلیك لەسەر یەكەم شێوە بكەرەوە بۆ ئەوەی دیاری كراو بێت و ،بەمەش فەرمانی Cloneچالاك دەبێتەوە، دەتوانیت دووبارە، چەند بارە ئە نجامی بدیتەوە :




- Copy properties : بەكاردێت بۆ كۆپی كردن و، لەبەر گرتنەوەی تایبە تمەندییەكانی شێوەیەك :

*شێوەیەك دیاری بكە :





سەرنج:ئەو شێوانەی ( دوو شێوەیەی )كێشاوتن با جیاوازییان هەبێت بۆنموونە ڕەنگیان جیاوازبێت .


*سەهمی ماوسەكە ببەرەسەر ئیدێت و،كلیكی لەسەر بكەو ، پاشان كلیك لەسەر Copy propertiesبكە :



*ئەم دایەلۆگ بۆکسە دەکرێتەوەو کلیك لەناو چوار گۆشەکانی بەردەم هەڵبچاردنەکان بدەو ، پاشان کلیك لەسەر Okبکە :





*ئەم شێوەیەی خوارەوەت بۆ دەردەکەوێت و،بەهۆیەوە کلیك لەسەر شێوەی دووەم بکە ( واتە ئەو شێوەیەی دیاریت نەکردبوو )




- Set and repeat : بەهۆی ئەم فەرمانەوە بەشێك لای ڕاستی شاشەكە دەكرێتەوە، كە دەتوانین بەهۆیەوە چەند فەرمانێك ئە نجامبدەین، كە هاوكات بەدووبارە كلیك كردنەوە لەسەر هەمان فەرمان لاچێت، یان بۆهۆی فەرمانی داخستنەوە Xكە دەكەوێتەی بەشی سەرەوەی :


*كلیك لەسەر ئیدیت بكە ، پاشان كلیك لەسەر فەرمانی ناوبراو بكە :





*بەم شێوەیە لای ڕاست دا ،دایەلۆگ بۆكسەكە دەكرێتەوە، كە دەتوانین بەهۆیەوە چەند فرمانێك ئە نجامبدەین:




- Overprint outline: ئەم فرمانە بۆ مەبەستی چاپکردن سودی لێوەر دەگیرێت و،کردای چاپکردنی پێکهاتەیەك و،ڕەنگێکی دیاریکراو لەسەرو پێکهاتەی ڕەنگەکانی ترەوە لەسنورێکی دیاری کراودا ئە نجامدەدات :




Overprint fill-: ئەم فەرمانەش لە چاپکردندا سودی لێوەر دەگیرێت و،بۆ چاپکردنی سەرو ، پڕکردنەوەی بۆشای دیاری کراوی بەکار نەهات و،زۆر جێگەی بایەخ نییە :




-Overprint Bitmap: ئەمیش بۆچاپکردنی سەروی بیتماپەکان بەکاردێت ،و ( سودی زۆری نییە ):





- Select All: ئەم فەرمانە بۆ دیاری کردن و،چالاککردنی گشتی بەکادێت ،بەمشێوەیە :


*كليك لە سەر ئیدێت بکەو ، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر دیاری کردنی هەموو ( فەرمانی ناوبراو ):



*لەو لیستە بچوکەی دەکرێتەوە ،ئەگەر دەتەوێت هەموو تەنەکان دیاری بکەیت کلیك لەسەر Objectبکە :





وە بۆ دیاری کردن هەموو دەقەکان کلیك لەسەر Textبکە :





وە بۆ دیاری کردنی هەموو ڕێبەری هێڵەکان کلیك لەسەر Guidelineبکەو ،بۆ دیاری کردنی هەموو گرێکانیش کلیك لەسەر Nodeبکە . ( ئەم دوو فەرمانە زۆر بەکارناهێنرێت )

- Find and Replace: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەو ،گۆڕین و،لەجیاتی دانان لەنێن پێکهاتەو ،بەشەکانی فایلی چالاکدا :


*کلیك لەسەر ئیدیێت بکەو ، پاشان سەمی ماوسەکە ببەرەسەر فرمانی ناوبراو:





*ئەگەر لەو دەقەی لەبەر دەستتدایە دەتەوێت وشەی فێربوونی لاتینی بگۆڕیت بە وشەی فێربوونی ئینگلیسی ،ئەوا کلیکلەسەر ... Find text بکە :




*ئەم دایەلۆگ بۆکسەی خوارەووت بۆدەکرێتەووە، لەناو لاکێشەکەدا وشەکە بنووسە و، کلیك لەسەر Find next بکەو ، لە دووای دیاری کردن پە نجەرەکە دا بخەرەووە بە کلیککردن لەسەر Close:





*پاشان کلیك لەسەر ئیدێت بکەرەووە، سەهمی ماوسەکە ببەرەووە سەرفەرمانی دۆزینەووە ، لەجیاتی دانان و، پاشان فرمانی دانانی دەق و، کلیکی لەسەر بکە :



*پاشان ئەم پەنجەیەی خوارەوەت بۆ دەكرێتەوە و، لە لاكێشەی دووەمدا كە بەتاڵە ئەو وشەیە بنووسە كەدەتەوێت لە جێگەی وشە دیاركراوەكە دایبنێی و، پاشان كلیك لەسەر Replaceبكە :




*پەنجەرەیەكی بچوك دەكرێتەوەو، تێیدا كلیك لەسەر ئۆكەی بكە :




*بەمەش گۆڕانەكە بە ئەنجامدەگات .

*بەشەكەی دیكە بۆ دۆزینەوە و، لەجیاتی دانانی تەن Object.


- Insert Internet Object: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دانانی تەنی ئینتەرنێت و،چەند هەڵبژاردنێك لە خۆدەگرێت :





- Insert barcode: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دانان و،دروست کردنی بارکۆدی تایبەتی :




-... Insert new object:ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دانانی تەنێکی نوێ لە بەرنامەیەك یان شوێنێکی ترەوە:




*بەکلیك کردن لەسەر فەرمانی ناوبراو ئەم دایەلۆك بۆ کسەدەکرێتەوەو،بەهۆیەوە دەتوانیت کارەکە بە ئە نجامبگە یەنیت :




-ئۆبجێكت بۆ مەبەستی كارو باری تەن و، Linkبۆ مەبەستی لكاندن و،گرێدان ( لینك ) سودی لێوەر دەگیرێت :




-Properties: ئەم فەرمانە تایبەتە بە تایبە تمەندیی و ، خسوسییەتەكانی فایل یان پێكهاتەیەك بەم شێوەیە


*كلیك لەسەر ئیدیت بكە :




*سەهمی ماوسەکە بیەرەسەر فەرمانی Propertiesو، کلیکی لەسەر بکە، کە بەهۆیەوە بەشێك لای ڕاست دەکرێتەوە و ،بەکارهێنانەکانی کەمێك ڕوون دەکەینەوە:





*بەشی یەکەم Fillبۆ ڕەنگکردنی ئەو شێوەیە سودی لێوەر دەگیرێت کە کێشاوەمانە ئەویش بە هەڵبژاردنی مۆدێلێکی فیلٚ :




*بەشی دووەم Outline بۆ ڕەنگکردن و شێوەهەڵبژاردن ی هێڵەکانی چوار دەوری شێوەکە بەکاردێت :





*بەشی سێهەم General بۆ هەندێك فەرمانی گشتی بەکاردێت :




*بەشی چوارەم Detail بۆ زانینی تەواوی تایبەتمەندییە تەنی چالاك بەكاردێت كە پانی و بەروی و چەق و.... پیشان دەدات و پێماندەڵێت :





*بەشی پێنجەم Internet بۆ مەبەستی لایەنی ئینتەرنێت سودی لیوەر دەگیرێت :



*بەشی شەشەم Rectangleبەکاردێت بۆ قەوس کردنەوەی سوچەکان و.....:




*دەتوانین بەهۆی هێمای Collapse docker-وە، ئەو پەنجەرەی Propertiesبچوک بکەینەوە،هاوکات پێچەوانەشی بکەینەوەو،گەورەی بکەینەوە:




# View – ڤيو


ئەم ليستە هەموو ئەو فەرمانانە لە خۆدەگرێت كە تايبەتە بە پيشاندانى وێنەو،كارى سەر شاشە پێش چاپكردن :

Simple wire frame- : ئەم فەرمانە بەكاردێت بۆ پيشاندانى پێكهاتەكان لەسەر ڕووى شاشەكە بە شێوەى هێڵ و سادە ى :

*كليك لەسەر ڤيو بكە :





*كليك لەسەر دووگمەى Simple wire frame بكەو ، بەمەش شێوەكان دەگۆڕێت بۆ هێڵ و،ڕەنگ و ناوەڕۆكيان پيشان نادرێت :




– Wire frame : ئەم فەرمانەش تاڕادەیەك هاوشێوەی فەرمانی پێشووە :

*كلیك لەسەر ڤیو بكە :





*كلیك لەسەر Wire frame بكەو بزانە چی ڕوودەدات :




Draft-: بەکاردێت بۆ پیشاندانی پێکهاتەکان بە شێوەی مسۆدەو ،هاوکات هەردووفەرمانی پێشوو ئاسایدەکاتەوەو،دەگێڕێتەوە بۆ باری پێشوو :

*کلیك لەسەر ڤیو بکە :





*کلیك لەسەر draftبکە :




- Normal : ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ پیشاندان بە شێوەیەکی ئاسایی :

*کلیك لەسەر ڤیوو بکە :





*کلیك لەسەر فەرمانی نۆرماڵبکە ، کە بەمەش پیشاندانەکە ئاسایی دەبێتەوە :




**Enhanced-:ئەم فەرمانە بەكاردێت بۆ پیشاندانی پێكهاتەكان بە دیقەیەكی بەرز:**

**كليك لەسەر ڤیوو بكە :***





**كليك لەسەر ئینهانسد بكە :***




-Enhanced with overprints: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ پیشاندانی پێکهاتەکان لەگەڵ چاپکردندا :

*کلیك لەسەر viewبکە :





*کلیك لەسەر فەرمانی Enhanced with overprints بکە :




- Full screen:ئەم فەرمانەبەکاردێت بۆ پیشاندن بە شێوەی پڕاوپڕی شاشەکە :

*کلیک لەسەرڤیوو بکە :





-کلیک لەسەر Full screen previewبکە و بەمەش پڕاوپڕی شاشەکە دەر دەکەوێت و بەکلیکێك لادەچێتەوە :




- Preview selected only : ئەم فەرمانە بەكاردێت بۆ پیشاندانی پێكهاتەی دیاری كراو بەتەنها :

*كليك لەسەر ڤيوو بكە :





*كليك لەسەر Preview selected only بكە :




- Page sorter Preview : بەکاردێت بۆپیشاندانی لاپەڕەکان ی پرۆژەی پۆلێنکراو :

*کلیك لەسەر ڤیوو بکە :




*کلیك لەسەر فەرمانی Page sorter Preview بکە و،بۆ ئاسایی کردنەوەی دووبارە کلیك لەسەر هەمان فەرمان بکەرەوە :




- Ruler : ئەم فەرمانە بۆ پیشاندان و شاردنەوەی ڕاستەیی ئاسۆی و شاوڵی بەرکاردێت :

*کلیك لەسەر ڤیوو بکە :





*کلیك لەسەر Rulerبکەو بەمەش ڕاستەکە دێتە سەرشاشەکەو، بە پێچەوانە کردنەوەشی لادەچێت :




Grid- : بەكاردێت بۆ چالاككردن ی تۆڕێك لە سەر لاپەڕەو كاری چالاك و،وەهاوكات لاش دەبرێت بەهۆی هەمان فرمانەوە :


*كليك لەسەر ڤيوو بكە :





*كليك لەسەر Grid بكە :




- Guide line :بەکاردێت بۆ پیشاندان و،شاردنەوەی هێڵەکانی رێبەری :





Show- :ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ پیشاندان و شاردنەوەی هەڵبژاردنە جیاوازەکان لە سەر رووی شاشەکە ، وەکو (چوار چێوەی لاپەڕەکە ، یان........)




- Enable Rollover: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ چالاککردن و ناچالاك کردنەوەی فەرمانەکە :





- Snap to grid: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ چالاککردن و،ناچالاککردنەوەی پێکهاتەی تۆڕ :




Snap to guide line-: ئەم فەرمانە بۆ چالاككردن و،ناچالاك كردنەوەی گواستنەوەی پێكهاتەی تۆڕ بەكاردێت :





Snap to object-: بەكاردێت بۆ چالاك كردن و،ناچالاك كردنی سناپ بۆ تەنەكان :




-Dynamic guides: بەکار دێت بۆ مەبەستی ڕێپەرە داینە میکی یەکان :





- Grid and ruler setup: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ ئامادەکردن و ،ڕێکخستنی تۆڕی و ڕاستەکان.



-Guide line setup: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ ڕێکخستنی هێڵی شەبەکی :




-ئەم دوو فەرمانەی کۆتای و هەندێك لە فەرمانی دیکەی پێشتریش جێگەی بایەخ نین بۆ بەوردی باسمان نەکردووون :




# Layout – لای ئاوت


خزمەتگوزارییەکانی ئەم لیستە کۆمەڵێك فەرمانی تایبەت بە ڕێکخستنی لاپەڕەی وێنەو، زیاکردنی لاپەڕەی نوێو، سرینەوەی و، ڕێککردنی لاپەڕەی وێنە :

Insert page- : ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ دانانی لاپەڕەیەکی نوێ لەناو پرۆژەی کاری چالاکی سەر شاشەکە :

*کلیك لەسەر دووگمەیLayoutبکە :



*کلیك لەسەر Insert page بکەو بەمەش دایەلۆگ بۆکسێك دەکرێتەوە کە چەند هەڵبژاردنێکی تێدایە :




+لەخانەی یەكەمدا ژمارەی ئەو لاپەڕانەدیاری بكە كەدەتەوێت زیای بكەیت .


+دیاری بكە ئەو لاپەڕانەی زیادی دەكەیت لە پێش لاپەڕەكانی تروەوە دابنرێت Before،یان لە دوایەوە After.

+هەندێك هەڵبژاردنی دیی وەكو جۆری لاپەڕە Paperیان پانی و بەرزی یان ...... .

*پاشان كلیك لەسەر OK بكەو بەمەش لاپەڕە زیاددەبێت بۆ پرۆژەكەمان :





*بەمەش لاپەڕەكان بووە سیان و لاپەڕەیەك زیاد بوو :




- Delete page : بەکاردێت بۆ سڕینەوەی ئەو لاپەڕەیەی هەنووکە چالاکە لەناو پرۆژەی کاری سەر شاشەکەدا :


*کلیك لەسەر Layoutبکە :




*پاشان کلیك لەسەر Delete page بکە ، کە بەهۆیەوە دایەلۆگ بۆ کسێکی بچوك دەکرێتەوە :




*لەخانەکەی یەکەمی دایەلۆگ بۆ کسەکەی کراوەتەوە ،ژمارەی ئەو لاپەڕەیە یان ناوەکەی بنووسە کەدەتەوێت بیسرپیتەوە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Ok بکە و بەمەش لاپەڕە چالاکەکە دەسڕێتەوە :





- Rename :ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ گۆڕینی ناوی لاپەڕەی چالاك :


*کلیك لەسەر Layout بکە :



-كليك لەسەر Rename page بكە :




*ئەم دايەلۆگ بۆ كسەى خوارەوەت بۆ دەكرێتەوە ، لە خانە بەتاڵەكەدا ناوێك بنووسە وكليك لەسەر Ok بكە :



*بەمەش ناوی لا پەڕەکە لە ۲ Pageگۆڕا بۆ ۲:Hemn barznji) ئەو دوو وێنەی خوارەوە بەراورد بکە )

پێش ناو گۆڕین





دووای ناو گۆڕین




- Go to page : ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ گواستنەوەی چالاکیتی لە نێوان لاپەڕەکاندا بە گوێرەی ژمارەی لاپەڕەکان :


*کلیك لەسەر Layout بکە :





*کلیك لەسەر Go to page بکە :



*ئەم دایەلۆگ بۆکسەی خوارەوەت بۆ دەکرێتەوە ، لە خانە بەتاڵەکەدا ژمارەی لاپەڕەکە بنووسە و ، ئۆکەی بکە :





*بەم شێوەیە لاپەڕە چالاکەکە گوێزرایەوە بۆ لاپەڕە یەک :




- Switch Page orientation : ئەم فەرمانە بەكار دێت بۆ گۆڕین لە نێوان بـاری پانی و درێژی لا پەڕەكاندا و، پێچەوانە كردنەوەیان :


*كليك لەسەر Layout بكە :





*كليك لەسەر Switch Page orientation بكە



بەمەش باری لاپەڕەكە دەگۆڕێت،





و،بە دووبارە كلیك كردنەوە ئاسای دەبێتەوە بۆ باری پێشتری :




- Page setup : ئەم فەرمانە بەكاردێت بۆ ئامادەكردن و ، ڕێكخستنی لا پەڕە :


*كليك لەسەر Layout بكە :





*كليك لەسەر Page setupبكە :



*ئەم دایەلۆگ بۆ کسەت بۆ دەکرێتەوە دەتوانیت بەهۆیەوە زۆر کار ئە نجامبدەیت وەکو ( دیاری کردنی حەجم ، جۆری لاپەڕە ، پانی ،بەرزی ،دانانی لاپەڕە لە باری بەرزی یان پانی و............) :





*دووای ئە نجامدانی هەڵبژاردنەکان کلیك لەسەر OK بکە و بەمەش لاپەڕەکە ئەو تایبە تمەندییە وەر دەگرێت کە هەڵمان بژارد :




-Page background: ئەم فەرمانە بەکار دێت بۆ هەڵبژاردنی باکگراوەی پشتی لاپەڕەکە :


*کلیك لەسەر Layout بکە :





*کلیك لەسەر Page background بکە :




*ئەم دایەلۆگ بۆ کسەی خوارەوە دەگرێتەوە تێیدا No backgroundچالاکە :





*ئەگەر دەتەوێت ڕەنگێك بکەی بە باکگراوەند، کلیك لەناو بازنە بچووکەکەی بەر دەم Solidبکە و پاشان لەتەنیشتیدا ڕەنگێك هەڵبژێرە :



*كليك لەسەر دووگمەی Okبكە :





*بەمەش باكگراوەندی ( زەمینەیی ) لاپەڕەكە بوو بەو ڕەنگەی هەڵمانبژارد :




*ئەگەر دەتەوێت وێنەیەك بکەیت بە باكگراوەند ئەم هەنگاوانە بنێ:


*كليك لەسەر Layout بكە :





*كليك لەسەر Page background بكە :




*ئەم دایەلۆگ بۆ کسەی خوارەوە دەگرێتەوە تێیدا No background چالاکە :




*کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم Bitmap بکە و ، بەمەش دووگمەی Browse چالاك دەبێت :




*كليك لەسەر دووگمەی Browseبكە، كە بەهۆیەوە ئەم دایەلۆگ بۆ كسە دەكرێتەوە :





*كليك لەسەر وێنەیەك بكەو پاشان كليك لەسەر دووگمەی Importبكە، یان یەكسەر دووانە كليك لەسەر وێنەكە بكە :



*بەمەش دەچێتەوە سەردایەلۆگ بۆ كسەكەی پێشوو كە دەتوانیت بەهۆیەوە چەند هەڵبژاردنێك ئە نجامبدەیت كە تازە چالاك بووە :





*دووای هەڵبژاردنەكان و،كلیك كردن لەسەر OK لە وێنەكەی پێشوودا ،ئەو وێنەیەی هەڵمان بژاردووە دەبێتە باكگراوەندی لاپەڕەكە :



# لیستی تایبەتمەندییەکانی ڕێکخستن


# Arrange

ئەم لیستە کۆمەڵێك فەرمان لە خۆدەگرێت کەتایبەتە بە ڕێکخستن و ڕیزکردنی تەنە کێشراوەکان وەکو ڕێکخستنیان لەسەر ڕووی وێنەو ،گرێدان و پێکبەستنیان .




Transformation- : ئەم فەرمانە سندوقی گۆڕینەكانی شێوەیەو ،بۆهەمان مەبەست سودی لێوەردەگیرێت :

*كلیك لەسەر Arrange بكە :





*كلیك لەسەر Transformation بكە :




*دەبینیت لە چەند بەشێك پێکهاتووە :

١- Position : ئەم فەرمانە تایبەتە بە گۆڕین و ڕێکخستنی حاڵەتی تەنی چالاك و ،بە کلیك کردن لەسەر بەشێك لای ڕاست دەکرێتەوە ،کە بە کورتی باسیان دەکەین :





@یەکەم Positionبۆ گۆڕینی حاڵەت بەکار دێت :





دوای ئە نجامدانی گۆڕان کارییەکان کلیك لەسەر Applyبکە بۆ بینینی ئە نجامەکەی لەسەر پێکهاتەکە.

@دووەم فەرمانی Rotateبۆ سەڕاندن و خولانەوەی تەنی چالاك بەكاردێت :





لەبەشی Angleدا گۆشەی سورانەكە دیاری بكەو پاشان كلیك لەسەر Applyبكە بۆ بینینی سورانەكە لەسەر وێنەكە .

@سێهەم Scale and mirrorئەم فەرمانە بۆ ئاوەژوو كردنەوەلاكان بەكار دێت :





@

@چوارەم Sizeئەم بەشە تایبەتە بە دەست بەسەردا گرتنی حەجم :





@بەشی پێنجەم Skewتایبەتە بە ڕاکێشان و خولانی لایەك بە گۆشەی دیاری كراو ،دووای نووسینی گۆشەكە كلیك لەسەر Applyبكە:





سەرنج:لەهەر پێنج بارەكەی پێشوو دا دووای دیاری كردنی گۆڕانەكان كلیك لەسەر Applyبكەو ،ئەگە ویستت ئەو گۆڕانە دووجار جێبەجێبێت بەسەر شێوەكەدا كلیك لەسەر دووگمەی Apply to duplicateبكە .

- Clear transformation: ئەم فەرمانە بەکاردێت بۆ سڕینەوەو ، لابردنەوەی یەکێك لە فەرمانەکانی بەشی :Transformation

١-سەرەتا یەکیك لەفەرمانەکانی پێشوو ئنجمبدە وەکوو پێتر باسمانکرد:





٢-ئێستا ئەگەر دەتەوێت لەو فەرمانە پەشیمانبیتەوە کە ئە نجامت داوە ، کلیك لەسەر Arrangeبکەوە ، پاشان لەو لیستەی کەدەکرێتەوە کلیك لەسەر Clear transformationبکە :



- Align and distribute :ئەم فەرمانە بەكاردێت بۆ گواستنەوەو ڕێككردن و ڕێكخستنی وێنەو ،تەنەكانی ناو لاپەڕەیەك بۆ شوێنی پێویست ،كە چەندین حاڵەت لە خۆ دەگرێت : ( ڕاست ،چەپ ،ناوەڕاست ، ....... )

بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت ئەو وێنەیەی چالاكە لەسەر لاپەڕەكەی بەردەستمان بگوێزینەوە بۆ ناوەڕاستی لاپەڕەكە ئەوا :

١-ئەو تەنە ( وێنە – شێوەی خۆی – ..... ) دیاری دەكەین كەدەمانەوێن بیگوێزینەوە:




٢-كلیك لەسەر Arrange بكە.

سەرچاوە:

١. ڤیدیۆ فێرکارییەکانی سایتی یوتوب بۆ کۆریل درۆو.
٢. فێرکاری لیندا بۆ کۆریل درۆو.
٣. بەشی یارمەتی Help بەرنامەکە.
٤. سایتی:
www.gcflearnfree.org